# * دەسەڵاتی وەرگێڕ، لە هونەری وەرگێڕان دا *

ئەو نووسراوەی خوارەوە لە 2006/8/20دا بۆ(**ئاسۆی رۆژهەڵات**) رەوانە کرا. لەگەڵ ئەوەدا کە **نووسراوەیەکی بەڵگەدار و رەخنەییە، و پێوەندی بە نووسراوەیەک و هۆنراوەیەکی** چاپکراو لە خودی **(ئاسۆی رۆژهەڵات)یشەوە، هەیە** بەداخەوە چاپ نەکرا. ئەو پرسیارەم بۆ هاتەتە پێشەوە، **چی نادروست و ناڕەوای** تێدایە کە چاپیان نەکرد. ئێوەی بەڕێز دەتوان داوەری بکەن و بڵێن بۆچی؟

سەعی سەقزی 2007/1/28

## دەسەڵاتی وەرگێڕ، لە هونەری وەرگێڕان دا

**{(هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم و لام وایە ناشبم کە ئەبێ خۆشەویستی وا بگەیەنێ ئەو رەخنەی لە دڵتدایە بۆ خۆشەویستەکەتی دەر نەبڕی، نەوەک ئەوەندە لە پێویستییەکانی شارستانەتیی ئەم چەرخە دوور بێ دڵی گەرد بگرێ لێت.)** کتێبی ،،ناڵەی جودایی- هێمن ،، لاپەرە 9 - محمدی مەلا کەریم}.

بەشی(هونەر و ئەدەب)ی ژمارە (10)ی(دوو هەفتەنامەی ئاسۆی رۆژهەڵات)تەرخان کراوە بە یادی شاعیرێک. ئەو لاپەڕە بریتییە لە هۆنراوەیەکی شاعیر بەناوی: (**ئایدا لە ئاوێنەدا**) کە لە لایەن بەڕێز (ناسر حیسامی کراوە بە کوردی، هەروەها نووسراوەیەک بەناوی:{(**شاملوو و دونیای پەریەکانی"پەریا")**بە پێنووسی بەڕێز(ئا: پەری. کاف)}. بەهۆی ئەوەی فارسی باش نازانم نەمتوانیوە لە بەرهەمەکانی شاعیر بەهرەمەند ببم و زانیاریشم دەربارەی زۆر کەمە. بۆ ناسینی شاعیر با تماشای ئەو چەند دێڕە بکەین.

1– {**(لە پێناوی شیعردا، لە پێناوی شاملو دا!)**لاپەڕە 41 کتێبی(لەو دیوەوەی رەنگ و پەردە)نووسەر ناصر حسامی.}

2– {**(لە دوو توێی ئەم کتێبەدا وەرگێڕدراوی هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی ئەحمەدی شاملوو دەخوێننەوە-)** کتێبی(کومەلە شیعریکی احمد شاملو- تا شکوفەی سووری کراسیک) نووسەر-(ناصر حسامی)}.

3– {**( ئەحمەد شاملوو گەورە شاعیری ئێرانی و دامەزرێنەری شێعری سپید، شاعیرێکە کە دەسەڵات و تواناییەکی زۆر باشی ....)** نووسەر( ئا: پەری. کاف)}.

4 – {**(گرووپی هونەروئەدەب: ناسری حیسامی لە ناسراوترین وەرگێڕانی شێعرەکانی شاملووە کە بە... )** ژمارە (10)ی(دوو هەفتەنامەی ئاسۆی رۆژهەڵات- لاپەڕە 6)}.

وەک دەبینین ناوی ئەو شاعیرە بە چەند جۆر نووسراوە. ئەوانە هەڵەی ئیملای نین، بەڵکو وەک رێنووس بەکار براون! بۆ ئەوەی خۆم لەو گێژاوە دەرباز بکەم، بەهوی ئەوەی کە ئەو شاعیرە شاعیری **فارسە**، ناوەکەی بە هەمان رێنووسی فارسی دەنووسم: **احمد شاملو**.

با بڕۆینە سەر باسی (**دەسەڵاتی وەرگێڕ، لە هونەری وەرگێڕان دا**)

وەک دەزانین گەلێ زمانی جیاوازە لە جهاندا هەیە، هەموو کەسێک بۆی ناکرێت چەند زمان فێر بێت، هەروەها لە بواری نووسین و خوێندنەوەیشدا هەمان کۆسپ لە رێگادایە. بۆ چارەسەری ئەم کارە کەسانێک رۆڵی وەرگێڕ دەبینن. باسەکەمان لە جهانی نووسیندایە، ئەگەر چاوێک بە کتێبخانەی کوردیدا بگێڕین، دەبینین لە هەموو بوارەکانی نووسین بەگشتی و وەرگێڕان بەتایبەتی زۆر لە پاشین.

بەشی وەرگێڕانی زانستی وەک فیزیک، شیمی، ماتماتیک و بەشەکانی دیکەی بە هۆی ئەوەی هیچی لێنازانم نە دەتوانم بڵێم ئاسانە، نە دەتوانم بڵێم گرانە. بەشی وەرگێڕانی ئەدەبی، بە تواناترین وەرگێڕی جهانی ناتوانێت نووسراوەیەک وەرگێڕێت کە تام و چێژی خودی نووسراوەکە بدات، ئەم کارە لە وەرگێڕانی هۆنراوەدا زۆر دژوارترە!

کەسێک کە شارەزایی لە چەند زمانێکدا ببێت، دەتوانێت بەو چەند زمانە بنووسێت، بەڵام هەر ئەو کەسە لە وەرگێڕانی نووسراوەیەکی خۆیدا، خۆی لە مەیدانێکی بەرتەسکتردا دەبینێتەوە! لە هونەری وەرگێڕاندا تا ئەو جێگەی کە لە توانای وەرگێڕ و مەیدانی زمانیی وەرگێڕانەکەدا بێت، دەبێت رەسەنی زمانیی لەبەر چاو بگیرێت! لەگەڵ ئەوەدا شارەزاییەکی وەهام لە زمانەکانی کوردی و فارسیدا نییە، بەڵام با لە کاری چەند وەرگێڕێکی کورد لە مەیدانی وەرگێڕانی کوردی و فارسی دا بڕوانین.

با یەکەمین دیدارمان لە کتێبکی فارسی بە ناوی: **(نظری به کردستان و دیداری با شعرای کرد. نویسنده خالد خاکی- چاوخشانێک بە کوردستان و دیدارێک لە گەڵ شاعیرانی کورد.** نووسەر خالد خاکی**)** بێت. لەم کتیبەدا باسی چەند شاعیری کورد و هونراوەکانیان کراوە. ئەوە چەند نموونەی:

1- **(،،بی کەس،، نامش شیرکو و تخلصش همان بی کەس بوده. از زندگانی او هیچگونه اطلاعی در دست نیست ولی میدانیم که او اکنون در قید حیات نمی باشد.... و اینهم نمونه کارش- *وەرام*)** = (،،بێکەس،، ناوی (شێرکۆ)یە و نازناویشی هەمان بێکەسە هیچ چەشنە زانیارێکمان سەبارەت بە ژیانی بەدەستەوە نییە بەڵام دەزانین لە ژیاندا نین... . ئەوەیش نموونەیەک لە کارەکەی *نامە*).

زۆربەی خوێنەران دەزانن (بێکەس) و (شێرکۆ بێکەس) دوو کەسن، دوو شاعیری کوردن. ئەو دوو شاعیرەیش باوک فرزەندن. هۆنراوەی **وەرام** هۆنراوەی (شێرکۆ بێکەس)ە کە لە ژیاندان. وشەی **وەرام** لە فارسیدا واتە (پاسخ - جواب). وەرگێڕ کردوویە بە* **نامە** *.

2 – ( ،،**پی رەمیرد،، اسمش چیست؟ در کدام نقطه متولد شده است؟ بر چه اساسی تخلص پیره میرد ،، شوهر پیر،، را بر گزیده است؟ از او و هیچ چیزش اطلاع درستی نداریم. فقط قطعه زیر را از او تافتەایم.)**=(،، پی رەمیرد،، ناوی چییە؟ لە کوێ لە دایک بووە؟ لەسەر چ بنەمایەک نازناوی پیرە مێرد(مێردی پیر)ی هەڵبژاردووە؟ هیچ زانیاریەکمان سەبارەت بە خۆی و هیچ شتێکی ئەو بە دەستەوە نییە. تەنیا ئەو پارچەی خوارەوەیمان بۆ پەیدا بووە.).

وشە و نازناوی (پیرەمێرد)بە فارسی واتە (مرد با تجربە، مرد دنیا دیده ... ) نەک شوهر پیر واتە مێردی پیر.

3 – **(ملا عبدالله مفتی شاعیر است گمنام و شاید گمنامیش بدلیل پیدا نشدن آثاری چندان از اوست. همچنانکه ما فقط قطعه زیر را تافتەایم.)**= (مەلا عەبدوڵا مفتی شاعیرێکی نە ناسراوە نە ناسراوییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بەرهەمێکی وەهای بەدەستەوە نییە. تەنیا ئەو پارچە هۆنراوەیمان بۆ پەیدا بووە.)

**،،لە سایەی کسب و سەنعەت بە تیری هاتمە دنیاوە**

**لە بو نانی منت باری ریاکاریم فرەی داوە،،**

لەو نووسینەوەدا 3 هەڵەی ئیملایی وەک(بۆ - تێری– فڕێ) هەیە. هەڵەی ئیملایی هەموو کەسێک دەیبێت.

بەڵام وەرگێڕانەکەی:

**،،ز سایه کسب و صنعت با تیری بدنیا آمدم**

**ز برای نانی به منت رياكاری بسيار آموخته است،،**

=(له سايەی كسب و سەنعەت به تيری هاتمه دنياوه

له بۆ پەيدا كردنی نان رياكاری زۆر فێر بووه.).

شاعير دەڵێت: له سايەی كسب و سەنعەت به **تێری**، **به تەسەلی** هاتوومەته جهانەوه. تێر له فارسيدا واته **سير** دژی برسييەتی.

شاعير دەڵێت: بۆ پەيداكردنی نان رياكاری ناكەم.

وەرگێڕ دەڵێت: بۆ پەيداكردنی نان رێاكاری كردووه به پيشه. .... .

**دووهەمين ديدارمان له كتێبی(اسلام و زن – بقلم عبدالخالق معروف – ترجمه، تايپ و تكثير از علی كتابی).**

پێناسەی كتێبەكه بەو جۆرەيه( **ئادەمزاد له كۆمەڵی كوردەواريدا– عەبدولخاليق مەعرووف– بەغدا** 1985) كه له لايەن بەڕێز (**عەلی كتابی**) كراوه به فارسی. دەڵێن: له كاری وەرگێڕاندا دەستپاكی يەكەمين مەرجه. لێرەدا وەك نموونه سێ خاڵی ئەو وەرگێڕانه دەسنيشان دەكەم.

1 – ناوی كتێبی (**ئادەمزاد له كۆمەڵی كوردەواريدا**) كراوه به (**اسلام و زن**).

ئەو كاره دەسدرێژيكردنه بۆ سەر مافی نووسەرەكەی!

2 - نووسەر دەنووسێت: (**هيچ كاتێك بيرم لەوه نەكردبووه كه تێكەڵی رەخنه و رەخنەكاری ببم و...**)

وەرگێڕ:**(هيچگاه بخود نياندیشيده بودم قاطی انتقاد و انتقادات شوم.)** واته( هيچكاتێك بيرم له خۆم نەكردبووه كه تێكەڵی رەخنه و رەخنەكان ببم.).

3 – نووسەر:**(ژنی سێ به سێ تەڵاق دراو ماره دەكەن له يەكێك كه دەسەڵاتيان به سەريدا دەڕوا و پاش چوونی بۆ لای ژنەو لەگەڵ نووستنی، پێی تەڵاق دەدەن و سەرلەنوێ له مێردی يەكەمی ماره دەكەنەوه، بەم كەين و بەينه له كورديدا دەڵێن ،،ماره به چاش،،.)**

وەرگێڕ: **( زن مطلوقه را با شخص ضعيف الحال تحت نفوذ خود عقد مينمايند پس از اثبات هم خوابگی و تصرف زن توسط شوهر تازه بلا فاصله شوهر را مجبور به طلاق فوری مينمايند مجددا" بعقد شوهر اولش در خواهند آورد، در اصطلاحات كردها ،، ماره به جاش،، يعنی نكاح كره خرانه،،.)**

له فارسيدا وشەی مطلقه بەكار دەبرێت، نەك مطلوقه، هەروەها (ماره به چاش) له فارسيدا واته (**محلل**) نەك **نكاح كرەخرانه** واته **مارەكردنی جاشەكەرانه**.

**تێبینی** - کتێبی (ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) پێنجەمین بەرهەمی رابەری راستەقینەی گەلی کورد نەمر مامۆستا (عەبدولخالیق مەعرووف)بوو کە پێشکەشی کرد بە کتێبخانەی کوردی. نووسەر لە رۆژی 4/11/ 1985دا بوو بە ئەستێرەی هەتاهەتایی ئاسمانی کوردەواری.

**دیداری سێیەمان لە کتێبی ( آوازهای کوهی – مترجم محمد خاکی – ترجمە شعرهای از کردستان).**

لەم کتێبەدا هۆنراوەی مامۆستایان (گۆران)-(شێرکۆ بێکەس)-(لەتیف هەڵمەت)-(مەستورە ئەردەڵان)... کراون بە فارسی. وەک نموونە بەشێکی کورت لە هۆنراوەی (،،گوڵی خوێناوی،، - گۆران) و هۆنراوەی (،،کوێر،، - شێرکۆ بێکەس) دەخەمە بەردەست کە بەو جۆرەیە:

1 – **گۆران : لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە!**

**وەرگێڕ: (از آن میان، تنها آوای نفس های شما نمی آید) =** (لەو ناوە هەر دەنگی هەناسەی تۆ نایە.) — هەیاسە واتە کەمەرەی زێر و زیو. نەک **هەناسە**!

**گۆران: ناڕۆم چاو کاڵ لێم تۆراوە!**

**وەرگێڕ: (نروم چشم سیاهم قهر کرده).** واتە (نەڕۆم چاو رەشم لێم تۆراوە.). چاوی **کاڵ** و چاوی **رەش** جیاوازییان هەیە.

**گۆران: با بگریم بۆ دڵێ، بۆ گوڵێ دۆڕانم.**

**وەرگێڕ: (بگذار گریە کنم، برای گلی، برای دلی کە باختم!)**=( با بگریم بۆ گوڵێک، بۆ دڵێک تۆڕانم). وەرگێڕ پێچەوانەی شاعیر بیر دەکاتەوە. شاعیر دەڵێت: من مرۆڤێکم بۆ گوڵێک لە دەسدا، بەڵام وەرگێڕ گوڵەکەی بەلاوە گرنگترە.

2 – **هونراوەی گوێر:**

**(بەرخۆلەکە**

**دوای گرمەیەک**

**دوای ڕۆیشتنی فڕۆکەکە**

**دەمی گیڕا... .)**

**وەرگێڕ:**

**(کور**

**گوسالەای**

**پس از صدای مهیب انفجار و**

**دورشدن بمب افکن ها.... .).**

شاعیر نووسیوه: **(بەرخۆلەکە).** وەرگێڕاو کردوویە بە(**گوسالەای) واتە(گوێلکێک – گوێرەکەیەک.**

شاعیر نووسیوە فرۆکەکە. وەرگێڕ: دەنووسێت (بمب افکن ها) واتە (چەند بۆمب هاوێژ).

**با دواین دیدارمان هەمان هۆنراوەی (ئایدا لە ئاوێنەدا) بێت.**

پێم وا نییە زۆربەی خوێنەرانی کورد بزانن (**ئایدا**)ناوە، هەروەها بزانن ئایدا کێیە! لەو بارەوە ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن بەشی ئەدەبی (دوو هەفتەنامەی ئاسۆی رۆژهەلات)وە پێویست بوو.

لەم بەشەدا ناڕۆمە ناو خودی هۆنراوە فارسییەکە، بەس بە کورتی سێ خاڵی وەرگێڕانەکە دەسنیشان دەکەم.

1 – **(ڕووسووری خۆم سەربەرزانە**

**لە گەڕەکی قەحبەخانەی خرید و فرۆش**

**سەربەمۆرو شەتڵ نەشکاو هێنایەوە...).**

لێرەدا با لە خرید و فرۆش– سەربەمۆرو شەتڵ نەشکاو ورد بینەوە.

خرید و فرۆش: وشەی فرۆش هەم کوردییە هەم فارسی!

پێم وابێت خرید وشەیەکی فارسییە، بەو جورەیش بەکار دەبرێت: (ریشە خریدن: ماشین را خریدم. ماشین را خریدی.) ئەگەر کوردیش بێت من نازانم بەکاری ببەم. وشەی خرید واتە (گڕین، سەندن) بەو جۆرە بەکار دەبرێت(ریشە کڕین: ماشینەکەم کڕی. ماشینەکەت کڕی). (ریشە سەندن: ماشینەکەم سەند. ماشینەکەت سەندت.).

سەربەمۆرو شەتڵ نەشکاو. سەربەمۆر واتە نەکراوە، تازە، دەست لێنەدراو. شەتڵ نەشکاو هەڵەیە. لە پەنای سەربەمۆر شەقڵ نەشکاو دێت، ئەویش هەر مانای تازە دەدات.

2 – **(من بەندی یەکی ستەمگەرم لە ناخا بوو**

**کە بە زڕەی زنجیرەکانی دەست و پێی ڕانەدەهات.)**

ئەو چەند وشەی*من بەندی یەکی ستەمگەرم لە ناخا بوو* روون نییە باسی چی دەکات، خوێنەر بە خویندنەوەی بەشی دووهەمی رستەکە و زرەی زنجیر دەزانێت کەسێکە لە بەندایە.

بەڵام ئەگەر بنووسرێت(من بەندییەکی ستەمگەرم لە ناخا بوو) خوێنەر دەزانێت مرۆڤێکە.

3 – **(تۆفان کاتێک کە هەڵدەستێ**

**لە نێو سەمای گەورەی تۆدا چ شکۆدار**

**بلوێرەکانی خۆی دەنگێوێ،**

**وە گۆرانی دەماری تۆ**

**خۆرەتاوی تا هەتاییم لێ هەڵدێنی.)**

*وە گۆرانی دەماری تۆ* لە رێنووسی کوردیدا ***و*** واتە واوی نێوان 2 وشە هەر بە ***و*** دەنووسرێت نەک بە***وە***. بۆ ئەو باسە با لەو چەند رستە فارسییە بڕوانین:

{1- **(و** گونەهایت با دو شیار مورب،**.... .)**

2- **( و** چشمانت راز آتش است**.)**

3– **( و** عشقت پیروزیی آدمی ست

هنگامی که به جنگ تقدیر می شتابد**.)**

4– **(**توفان ها در رقص عظیم تۆ به شکوهمندی

نی لبکی می نوازند، **و** ترانەی......**)**.

احمد شاملو- هۆنراوەی آیدا در آینە- لاپەڕە 71 کتێبی آیدا در آینە}.

*و*ی ژمارە 1 و 2 و 3 کە لە سەرتای رستەدا هاتوون، لە فارسیدا بە ***وە*** دێنە سەر زار و بەیان دەکرێن، بەڵام لە نووسیندا هەر بە ***و*** دەنووسرێت. ئەم ***و***ە لەگەل***و***ی نێوان 2 وشەدا جیاوازە. لە فارسییەکەیدا مانای *همچنین، نیز* دەدات، بە کوردی واتە***هەروەها***. (هەروەها گۆناکانت..،)-(هەروەها چاوەکانت..)- (هەروەها خۆشەویستیت..)

*و*ی رستەی ژمارە 4 کە لە نیوان وشەکانی(می نوازند، **و** ترانەی...)دا هاتووە، رۆڵی پێوەندی نێوان ئەو دوو وشە دەگێڕێت! لە کوردی و لە فارسیشدا هەر بە***و*** دەنووسرێت، نەک***وە***!

بۆ زانیاری سەبارەت بە*وە* هەموو لاپەڕەکانی(ئاسۆی ڕۆژهەڵات)م خویندەوە، لە نێوان 2 وشەدا***وە***یەک کە ڕۆڵی گرێدانی گێڕابێت بەرچاو نەکەوت. لە سەرەتای رستەیشدا بەکار نەبراوە، بەڵام لە وەرگێڕانی هۆنراوەکەی (احمد شاملو)دا ئەو 2 رستەیش نووسراوە: (وه باوەشت بسته جێگایەک بۆ ژیان..)-( وە بەربەیان بە دەستی خۆ..).

**خۆرەتاوی تا هەتاییم لێ هەڵدێنی.** ئەگەر وەرگێڕ بە نووسینی(تا هەتاییم) دەیەوێت وشەی( همیشه)و ابدی فارسی بەیان کات، بۆ روونبوونەوەی ئەو باسە با بڕۆینە لاپەڕە 963ی:{(هەنبانە بۆرینە فرهنگ کوردی – فارسی- هەژار **(هەتاهەتا: بێ بڕانەوەی دەم و کات،،ف،، ابد، تا ابد).(هەتاهەتایە: هەتاهەتا ،،ف،، تا ابد).( هەتاهەتایی: تا سەر، بێ بڕانەوەی کات ،،ف،، ابدی، تا بی نهایت زمان**).

بە داوای لێبووردن، دەسنیشان کردنی ئەو چەند رستە فارسییە لە هۆنراوەکەی (احمد شاملو)بەو مەبەستە نییە کە هۆنراوەکە باش کراوە بە کوردی یا نا، بەڵکو بۆ روونبوونەوەی باسەکەیە. ئەوە کورتەیەک بوو لە کاری چەند وەرگێڕێکی کورد لە مەیدانی وەرگێڕاندا.

پێم وابیت خوێنەر مافی ئەوەی ببێت بڵێت: جێگەی داخە ئەو وەرگێرانە بایەخێکی باشیان بە بەرهەمی ئەو شاعیرانە و هونەری وەرگێڕان و کارەکەی خۆیشیان نەداوە!

سەعی سەقزی 2006/8/20